کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-11-2007 23:53

**وریابن با بە گوریسی تورکچێتی نەچینە بیرەوە!! ... ستار محەمەد قادر**

Star_qadr@yahoo. com

ئەگەر هێنانی لەشکر بەو قەبارە زۆرە بۆ سەر سنوور، ئەگەرو مەترسی پێکدادانی لێ بکەوێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە پشتی ئەو سیناریۆیەوە زۆرێک لەنهێنییەکان پەنهانن. مەترسیدارترین گەمەی پشتی ئەو سیناریۆیەیش هەڵوەشاندنەوەی یەکریزی و هاوهەڵوێستی باڵە سیاسییەکان و لە باربردنی بیرکردنەوەیەکی تەندرووست و لەبارە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکان و نانەوەی پشێوی و ئاودیوکردنی خودی شەڕەکەیە بۆ شەڕێک کە دوور و نزیک پەیوەندییان بە یەکەوە نییە!

ئەمڕۆ وەکو ئەو لێدوانانەی کە لەزاری سیاسەتمەدارانەوە گوێبیستیان دەبین، هەموو کورد لەسەر ئەوە کۆکن کە "پەکەکە" تەنها بیانووە بەدەستی تورکیاوە، کەواتا پەکەکە ئامرازە نەک ئامانج! هەروەکو لە زاری خودی بەرپرسانی (ک ـ ج ـ ک) یشەوە گوێبیستی ئەوە دەبین کە تورکیا لە نانەوەی ئەم پشێویەیدا مەبەستی سەرەکی کەرکوک و لەباربردنی ماددەی "140"ە، تا ئێرە هەموو لایەک کۆکن لەسەر نیازو پیلانی تورکیا، ئەوەی لە هەموو ئەمانە گرنگترە، ئەویش ئەوەیە: پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا هەموو باڵە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستان لەسەر ئەوە کۆکن کە چۆن و بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکەن؟ یان هەموو لایەک لەهەوڵی ئەوەدان لەپێناو کەرکوکدا کە گەڕاندنەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ گەلی کورد زامنی هەموو مافەکانمان دەکات لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا و دەستکەوتێکی مێژوویی و سەرکەوتنی ئیرادەی کوردە بەسەر هەموو ئەو لەمپەرانەی کە دوژمنانمان دەیخەنە بەردەم ئەو ماددە دەستوورییەوە، ئایا ئامادەین مامەڵەیەکی تەندرووستی لە گەڵدا بکەین؟ لێرەدا گەلی کورد لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدایە، یان ئەوەتا دەتوانین بە سەرکەوتووانە لێی دەرباز ببین، یانیش بۆ هەموو دونیا دەیسەلمێنین کە بەرگەی بچووکترین هەڕەشە ناگرین و لە کاتە تەنگەتاوەکاندا دەکەوینە خۆ خواردنەوەو یەکتری شکاندنەوە!

شتێکی ئاشکرایە وڵاتی تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی لەدوای ڕاپەرینی بەهاری 1991ەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە بەردەوامی لە هەوڵی پیلانگێڕی بووە دژ بە کیانی سیاسیی باشووری کوردستان، زۆر جار لە هەوڵی ئەوەدا بووە ویستی خۆی بەزۆر بسەپێنێت بەسەر دەسەڵاتدارانی باشووردا، ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدان گورزی کووشندەمان ئاراستە بکەن، تورکیا دەیەوێت لەبەر ئەوەی دڵی تورکێکی ڕەگەز پەرست گەرد نەگرێت، ئێمە واز لە ژیانیش بهێنین، نەک کوردایەتی! چونکە کاتێک هەر نەتەوەیەک دەسبەرداری خەسڵەتە نەتەوەییەکانی خۆی ببێت، ژیانیشی نامێنێت، بۆیە لە پێناوی ئەوەی خەسڵەتی نەتەوەیی بوونی خۆمان بسەلمێنین، دەبێت ڕەچاوی ئەو بەرژەوەندییانە بکەین کە لە ڕاستیدا دەسکەوتی نەتەوەیین! چونکە لە سیاسەتدا بەستەڵەکبوون ناچێتە خانەی لێزانینەوە، بەڵکو ئەگەر لەهەندێک ڕەوشدا ڕکابەری بتگەیەنێتە ئامانج، ئەوا لە هەندێکی دیدا نەرم بوونی لێتدەوێت، ئەم بیروبۆچوونەی من لەسەر بنەمای خۆرادەستکردنەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو زۆر جار ئەوەی بە تاکتیکی ژیرانە بەدەست دێت، لە ڕکابەریدا دادەنرێت!

ئێمە دەبێت لە ڕابردووەوە پەند وەربگرین، نەک بە پێچەوانەوە، چونکە ئەگەر ئێمە لەبارتەقاماندا بوو لە ساڵی 2003دا وڵاتی تورکیا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە هاوکێشە سیاسییە نێو دەوڵەتییەکان گۆشەگیر بکەین، ئەوا ئەگەر وریا نەبین، ئەمجارەیان تۆڵەی بەرودوامان لێدەکەنەوە، بۆیە گرنگترین شت لەم ساتە وەختەدا ئەوەیە، وریابین نەکەوینە داویانەوە، بەڵکو دەبێت لە هەموو کاتێک زیاتر ئارامی خۆمان بپارێزین، دەبێت هەر هەمووومان لە هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمێکدا بین تا کۆتایی ئەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کێشە سیاسییە بە سیاسەتی دایەلۆگ بهێنین، نەک نهێنییەکانی پشت پەردەی لەشکرکێشی وامان لێ بکات، نەتوانین ئەو لەشکرەی کە لە ژێر فشاری عەسکەرو شۆڤینیزمەکانی تورکدا ئاراستەی سەر سنوور کراون، بە گەمەی سیاسیی باوەخونیان نەکەینەوە، بۆ ئەوەی پێویستمان بە گوریسی کەس نەبێت، دەبێت چاومان لە ئاسۆ بێت، نەک چاڵێک کە لە بنەمادا بۆ ئێمە هەڵکەندرابێت!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.